Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# مەینەتیی خەڵکی هەڵەبجە بە لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی کۆتایی نایەت

**Author:** Mariwan Hama-Saeed

(مەریوان حەمەسەعید - سلێمانی (٢٩-١-٢٠١٠
.

گرمەی فڕۆکە سەربازییەکانم لەبیرە کە بە ئاسماندا دەسوڕانەوە. لەبیرمە لەگەڵ خزم و کەسوکارم لە ژێرزەمینەکەماندا خۆمان حەشار دابوو. کاتێک کە پێش بانگی ئێوارە هاتینەدەرەوە چەندین تەرمی شێواومان بینی لەسەر جادەکان کەوتبوون. بیرمە ئەو خەڵکانەی کە کەوتبوونە ژێر خانووی رووخاو و بەدەم هاوارکردنەوە داوای یارمەتیان دەکرد. هەروەها دووکەڵی رەشی ناپاڵمەکانیشم بیرە کە ئاسمانیان پڕکردبوو کاتێ بەپێی بەرەو ئێران رامانکرد.

ئەو کاتە تەمەنم هەشت ساڵ بوو.

کاتێك منداڵ بووم، ناوی عەلی حەسەن مەجید هەمیشە دەیترساندم. ناوی عەلی حەسەن مەجید ئەو خزمانەی کە لەدەستم دابوون ئەخستەوە یادم. لە هەڵەبجە بەرادەیەك لە "عەلی کیمیایی" دەترساین کە تا دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کاتێك پێشمەرگە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانیان رزگار کرد کەس لە ئێمە نەیدەوێرا بەئاشکرا ناوی بهێنێ.

لەسێدارەدانێکی سیاسی

کاتێك عەلی کیمیایی لە ئابی ٢٠٠٣ لەلایەن سەربازانی ئەمریکاوە دەستگیرکرا، بۆ چەند رۆژێك حەپەسام. باوەڕم نەدەکرد ئەو پیاوەی کە بەرپرسیار بوو لە قڕکردنی ئێمە و کوشتنی چەندان شیعەی عێراق رووبەڕووی دادگا ببێتەوە.

هەر وەک بە دەستگیرکردنی حەپەسام بە لەسێدارەدانیشی حەپەسام. عەلی کیمیایی بە نهێنی لەسێدارەدرا. لەڕێی رادیۆیەکی ناوخۆیی بە لەسێدارەدانیم زانی کاتێ بێژەرێک هاواری دەکرد،" پیرۆزتان بێت، خەڵکی هەڵەبجە! عەلی کیمیایی بە سزای خۆی گەیشت."

پێم خۆش بوو عەلی کیمیایی باجی تاوانەکەی بدات بەڵام لەسێدارەدانی زیاتر لە پۆسە (کەمین) دەچوو نەک سزای لەسێدارەدان. رەنگە لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی بەکاربهێنرێت بۆ زیاتر تەشەنەپێکردنی هەڵوێستی دژ بە پاشماوەکانی حزبی بەعس بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە مانگی ئازار، بەڵام بەلای خەڵکی هەڵەبجەوە مانای چەسپاندنی دادپەروەری پر بە پێستی خۆی نابەخشێت.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٠ ساڵ بەسەر کیمیابارانی هەڵەبجەدا، ئێستاش رزگاربووانی کارەساتەکە بەدەست گرفتی تەندروستییەوە دەناڵێنن و لە رەوشێکی خراپدا دەژین. خەڵکی هەڵەبجە تائێستاش بەهۆی شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسەوە دەمرن و منداڵی شێواو لەدایك دەبن. پزیشکان دەڵێن هۆکاری ئەو نەخۆشیانە چەکی کیمیاییە.

لەمێژە شارۆچکەی هەڵەبجە بە سیمبولی نەهامەتییەکانی کورد و دڕندەیی رژێمی بەعس ناسراوە. لەدوای کیمیابارانەکەوە، سیاسەتمەداران هەڵەبجەیان وەك کارتێکی سیاسی بەکارهێناوە و بەرپرسانی کورد و عەرەب و ئەمریکی دێنە شارەکە بۆ دەربڕینی هاوخەمی. دواتر دەڕۆن و بەڵێنی جێبەجێنەکراویش لەدوای خۆیان بۆ خەڵکی شارەکەم جێدەهێڵن.

لەسێدارەدانی عەلی کیمیاییش کارێکی سیاسی بوو. پێش دادگاییکرنی لەسەر بۆردومانکردنی هەڵەبجە، عەلی کیمیایی بە تۆمەتی کوشتنی هەزاران هاوڵاتی شیعە و کورد لە ساڵانی ١٩٨٠کان و سەرەتای ١٩٩٠ەکاندا چوار جار حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبوو.

بێ گومانم کە لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە دەقۆسترێتەوە. لەگەڵ نزیکبوونەوەمان لە هەڵبژاردن، لایەنە شیعەکان پێشبڕکێ لەسەر ئەوە دەکەن کە کامەیان لەبەرامبەر بەعسییەکان توندترن.

هەڵمەتی هەڵبژاردن، کە هێشتا بەڕەسمی دەستی پێنەکردووە، بەدەوری ریشەکێشکردنی بەعسدا دەخولێتەوە، بەتایبەتی لە باشووری عێراق.

لیژنەی دادپەروەری و لێپرسینەوە، کە ئەرکی ریشەکێشکردنی بەعسە لە کاروباری سیاسی عێراقدا، بەم دواییانە زیاتر لە ٥٠٠ پاڵێوراوی لە هەڵبژاردنەکان دوورخستەوە بەبیانووی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ حزبی بەعس یان رەواجدان بە بۆچوونەکانی ئەو پارتە.

لەم کەش و هەوایەدا، حزبە دسەڵاتدارەکانی شیعە دەتوانن شانازی بەوەوە بکەن کە هەر یەکە لە عەلی کیمیایی و سەدام حوسێن لەسێدارە دراون.

مەینەتیی خەڵکی هەڵەبجە هێشتا کۆتایی نەهاتووە

وەك یەكێك لە رزگاربووانی کیمیابارانەکە، حەز بە چارەی بەعسییەکان ناکەم. من و قوربانیانی تر هەست بەئاسوودەیی دەکەین بە لەناوچوونی ئەو پیاوەی کە سەرچاوەی ئازارەکانیان بوو و بەرپرسیاربوو لە مەرگی ئازیزانی خەڵکی هەڵەبجە.

بەڵام ئێمە لە ئێستادا دەژین، نەك رابردوو. لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە گەورە دەکرێ، بەڵام خزمەتگوزاریی تەندروستی و هەلی کار و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان دەستەبەر ناکات بۆ هەڵەبجە. دەستگیرکردن و دادگاییکردنی عەلی کیمیایی هیچی لە ژیانی رزگاربووان نەگۆڕی.

دەسەڵاتداران دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی دادپەروەری بۆ هەڵەبجە گێڕاوەتەوە، بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە ئازار و کۆششمان هێشتا زۆریان ماوە تەواو بن.

قوربانیانی کیمیابارانەکە ئێستاش دەناڵێنن، ئەوانەی یارمەتی رژێمی سەدامیان دا چەکی کیمیایی دروست بکات لەوانەیە لەتاوانەکانیان دەربازیان بێت و هەندێ لە حزبە سیاسیەکانیش رەنگە بەهۆی لەسێدارەدانی عەلی کیمیاییەوە بگەن بە دەسەڵات.

دەقێکی ئەم وتارە یەکەمجار لە وێبسایتی BBC News بڵاوکراوەتەوە.

مەریوان حەمەسەعید موحەریر و رێکخەری مەشقی ئەلکترۆنییە لە بەشی پرۆگرامەکانی ئەنستیتۆی رۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی لە عێراق. بیروبۆچوونەکانی ناوبراو گوزارشت لە بۆچوونی IWPR یان BBC ناکەن.

**Location:** Iraqi Kurdistan
**Topic:** War crimes

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D9%85%D9%87%E2%80%8C%DB%8C%D9%86%D9%87%E2%80%8C%D8%AA%DB%8C%DB%8C-%D8%AE%D9%87%E2%80%8C%DA%B5%D9%83%DB%8C-%D9%87%D9%87%E2%80%8C%DA%B5%D9%87%E2%80%8C%D8%A8%D8%AC%D9%87%E2%80%8C-%D8%A8%D9%87%E2%80%8C-%D9%84%D9%87%E2%80%8C%D8%B3%DB%8E%D8%AF%D8%A7%D8%B1%D9%87